








# قردێڵەی شێوە پەپ

لایەنەکانی گرنگیدان بەقژ و ئامادەکردنی ستایلێکی جوان، ئەرکێکی بەردەوامی خانمانە تا بتوانن خزمەتی قژیان بکەن و لەئاراستەی جوانی قژیان تێبگەن و ئەو شێوازە دروستەی بۆ دابین بکەن کە لەگەڵی دەگونجێ و مۆدەی خۆی دیار دەکات، بەمەش دەتوانین لەدابین کردنی مۆدەیەکی قەشەنگ و جوان لەستایلەکانی قژ هەڵبژێری و لەگەڵ شێوازی قژت ئامادەی بکەی. لەلایەکی دیکەوە قژ پێویستی بە بەستنە و بەمەش پێویستی بەتۆقەو و قردێڵە دەبێ. تۆقە و قردێڵە دوو جۆرە ئێکسسواری قژن و کار دەکەن لەبەستنی قژ بەشێوازێکی جوان و ڕێك، بەڵام دەبێ خانمان بزانن چ جۆرە ئێکسسوارێك لەو دووانەوە گونجاو و جوانە بۆ قژی. یەکێك لەو ئێکسسوارانەی کە لەوەرزی هاویندا بەرێژەیەکی





# ئێکسسواری ڕەنگاوڕەنگ و کراسی کوردی ڕەنگ ڕەش

زۆر جار جلی سادە یان جلوبەرگی تاك ڕەنگ، کەشخەیی و گەورەیی خۆی دەنوێنێ، بەڵام بوونی هەر هەڵەیەك لەگەڵ جلی سادە یان جلی یەك ڕەنگ، دەبێتە هۆی ناشیاوی لەمۆدەکەوە، لەجلوبەرگی کوردیدا زیاتر لەڕەنگێك بەکاردەهێنرێ بۆ هەڵبژاردنی بەشەکانی جلێك، ئەمەش وەك گونجاندن و تێکەڵی نێوان ڕەنگەکان، تاوەکو جلێکی کوردی جوانی لێدەربچێ. ئەگەرچی جلوبەرگ لەڕەنگی زۆر ستایلی بۆ دادەنرێ، بەڵام دەشتوانین جلی سادە یان تاك ڕەنگ بێ، لەبری زۆری ڕەنگ دەکرێ لەڕێگەی ئێکسسوارەوە ڕەنگی دیکەی بۆ زیاد بکەین و شێوازی بگۆڕین. کراسی کوردی لەگەڵ هەر ڕەنگێك بێ، جوانی خۆی دەنوێنێ، گرنگە بزانی چ جۆرە ڕەنگێك لەگەڵ سیما و ڕەنگی پێست و جەستەت دەگونجێ، ڕەنگی ڕەش کە بەشای ڕەنگەکان ناسراوە، بێگومان ژمارەیەکی زۆر لە خانمان حەز بەو ڕەنگە دەکەن، یان کات و شوێن هەیە پێویستی بەوەیە کە ڕەنگی جلوبەرگت ڕەش بێ، کراسی کوردی لەڕەنگی ڕەش، بەهایەکی تایبەتی و کراوەی خۆی هەیە، لەمۆدە کۆنەکاندا زیاتر شێوەی جلەکە گۆڕانکاری بەسەردا دەهات، کەچی لەمۆدە تازەکاندا بەبڕین و دیار بوونی جەستە کاری لەسەر دەکرێ، هەروەها بوونی ئێکسسواری ڕەنگاوڕەنگ، ئەو ئێکسسوارانەش دەکرێ لەگەڵ ئێلەگی کراسەکە ببەسترێ، یان بەشێوەیەکی سەربەخۆ دابنرێ.




# جینزی کورت و درێ

دەتوانین لەڕێگەی جلوبەرگەوە گەورەترین جوانی بۆ خانمانی هەرزەکار و تازەپێگەیشتووان دابین بکەین، چونکە جوانی جلوبەرگ کاریگەرە و دەبێتە یەکێك لەو مۆدانەی کە لەنزیکەوە ڕازاوەیی و جوانی جەستەی خانمانی هەرزەکار نیشان دەدات، هەوڵێکی جوانی سەرکەتوو دەبێ کاتێك خانمانی تازەپێگەیشتوو لەدیمەنی و جوانی منداڵیەوە دەربکەون، نەك لەخانمێکی گەورە و تەواو، چونکە جەستەی کچانی هەرزەکار ناسکە و بەجەستەی منداڵی بچووکەوە لێکبچێ جوانتر دەبێ. لەگەڵ ئەوەی مۆدەی ئەوساڵی هاوین جلی تەنوورە دەبێ، بەڵام بۆ کچانی تازەپێگەیشتوو جیاوازی هەیە و مۆدەیەکی دیکە بۆ ئەوان دانراوە. ئەو مۆدەیە خۆی دەنوێنێ


# جلوبەرگی ن



جلوبەرگ بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری بەسەر جوانیەوە هەیە، بەڵام گرنگە ئەو شێوازە بپۆشی کە لەگەڵ شێوە و قەبارەی جەستەت گونجاو و ڕێکە، چونکە هەر نا دروستیەك لەهەڵبژاردنی جلەکان ڕوودات ئەو جوانییە لەدەست دەدەی کە خۆت مەبەستتە، بەمەش لەڕێگەی جلی گونجاو یان جلێك بەپێی جەستەی خۆتەوە بێ، گەورەترین جوانیت بەدەست دەکەوێ، ئەمەش گشت جۆرە جلێك دەگرێتەوە، بەجلی ماڵەوە و دەرەوە. زۆربەی خانمان لەهەڵبژاردنی جلوبەرگ هەڵە دەکەن، چونکە ئەوەی مەبەستیانە بەو جۆرە نییە کە لەسەر جەستەیان دەردەکەوێ، هەندێك جار ئەو جلە هەڵدەبژێری







## ـــــــوولە بۆ قژی خانمان


زۆر قردێلە دەبەسترێ، کە مۆدەیەکی کلاسیك و جوانە، بەڵام لەسەردەمی ئێستادا زیاتر تۆقە بەکاردەهێنرێ و ئەو مۆدەیەی پێشـــوو لەلای خۆمانـــەوە باوی کەم ماوە، بـــەڵام مۆدەیەکی جوان و قەشـــەنگە، تەنانـــەت خنجیلانەیی و جوانی خۆی هەیـــە، بەتایبەت ئەو قردێلانەی لەشـــێوەی پەپوولە یان شێوەی باڵی پەپوولەی هەیـــە، مۆدەیەکی شـــیاوە و تەنانەت خانمان لەگشـــت تەمەنەکانـــدا دەتوانـــن بەقژیانەوە ببەســـتن، وەك قوتابی فەرمانبەر و خانمانی ماڵەوە، ســـوودێکی دیکەی ئەو جۆرە قردێلە لەقوماشـــە ئەوەیە ئەزیەتی پێســـت و تەلی مووی قژ نادات، چونکە تەنیا دەیبەســـتێ و کاریگەری نابێ لەســـەر پێســـت، هەرچی ئێکســـسواری تۆقەیە، جار جارە دەچێتە ناو پێست یان قژی تووشی هەڵوەراندن دەکات.






## ـــــژ بۆ کچانی هەرزەکار

لەجینزی کـــورت، ئەو مۆدەیەی کە بەســـێ چارەگ ناســـراوە. جینزی کـــورت دیمەنێکی ناسکی هەیە، بەتایبەت کاتێك لەگەڵ جلێکی ســـەرەوەی شایســـتە بپۆشـــرێ، دەبێتە دەستە جلێکی ئامادەکـــراو، تەنانەت حەز و ئارەزووی ئەو خانمە بچووکانەوە دەبێ لەئاسانی پۆشینی ئـــەو جۆرە جلە، دەکرێ ئەو مۆدەیە بۆ دەرەوە و ماڵەوە بپۆشـــرێ، چونکە دیمەنی شاراوەیە و جوانە، هەروەها دەتوانین لەهەڵبژاردنی ڕەنگی ئەو جینزە کورتانـــەوە، لەچەندین ڕەنگەوە بێ، دەکرێ هەمان جینزی درێژیش بپۆشرێ بۆ ئەو خانمانەی حەز بەجینزی کورت ناکەن، چونکە ئەویش هەمان جوانی هەیە و بەڵام ئەو مۆدەیە بۆ خانمانی گەورە نەشیاو دەبێ و بۆیە دەکرێ لێوەی دوور بن.





## ـــــــووستن بۆ ماڵ

کە بەلاتەوە گونجاو و تەواوە، بەڵام دوای پۆشـــین هەســـت دەکەی بەو شێوەیە نییە کە نمایش کراوە، ئەمەش هۆی ئەوەیە کە جلەکە لەگەڵ جەســـتەت گونجاو نەبووە، یەکێك لەو کێشـــانەی خانمان تووشی دەبـــن، ئەویش لەهەڵبژاردنی جلوبەرگـــی ماڵەوەیە، یان جلی خـــەوە، جلوبەرگی نووســـتن جوانترین دیمەن و ناســـکترین شـــێوەی هەیە، کە زیاتر لـــەوەرزی هاوین جلی قوماش یان قات و بیجاما مۆدەی دەردەکەوێتەوە، کە یەکێکە لەشایستەترین مۆدەکانی جلوبەرگی نووستن و ماڵ، ئەم چەند نموونەیە جوانترین مۆدەکانی جلوبەرگی نووستن لەماڵەوە نیشان دەدەن کە لەجلێکی سادە و ساکارەوە ئامادەکراوە و مۆدەی بۆ دانراوە.




## چۆنییەتی ماکیاژ کردنی سێبەری پشت چاوەکان

ماکیاژی چاو، یەکێکە لەگرنگترین بەشەکانی ماکیاژ بۆ خانمان، کە چاو هێمای جوانی و ڕووی مرۆڤە، بۆیە دەبێ بەجوانترین شـــێوەیە ماکیاژی بـــۆ بکرێ، لەماکیاژی چاودا چەندین لایەن هەیە دەبێ ئاگاداری بین و بتوانین بەشایستەترین ڕێگە کاری لەسەر بکرێ، چونکە بەشەکانی چاو پێکدێ لە: ماکیاژی برۆ – پشـــت چاوەکان – سێبەری چاو لـــەدەرەوە و ناوەوە – هێلکاری برژانگ، هەر یەکە لەوانەش مۆدەیەکی پێویستە و دەبێ بەو شێوە دابنرێ کە لەگەڵ جوانـــی چاوەکە گونجاو بێ، ئەوەی دەمانەوێ باسی بکەین، بریتییە لەهێلکاری و سێبەری پشت چاو بەرەو دەرەوە، ماکیاژێکی جوان و گونجاوە کاتێك لەناوەڕاستی چاوەوە هێلکاری و سێبەرێك بۆ چاو دەکرێ لەسەرەوەی برژانگەکانی سەرەوە تا بەرەو دەرەوە، واتە سێبەرەکە زیاتر لەبەشی ســـەرەوەی چاو دەبێ، لەگەڵ ئەوەی لەناوەڕاستی چاوەوە بەهێڵێکـــی بچووکەوە یان بەســـێبەرێکی تەنکەوە دەســـت پێدەکات و ئیتر گـــەورە دەبێ تا دەگاتە دەرەوەی چاو. ئەمەش دەتوانین لەڕێگەی بەکارهێنانـــی قەڵەمی ڕەشـــکردنی چـــاو، دواتر بەفڵچەی ماکیاژی چـــاوەکان، ئەو ڕەنگە پەرت بکـــرێ و بەجوانی دابەش بکرێ تـــا ئەو کاتەی دیمەنی سێبەرێك دەبەخشـــێ و دەبێتە سێبەرێکی کاڵ بۆ بەشـــی دەرەوەی چاو. لەم چەند وێنەیەدا هەنگاوەکان بەجوانی و ئاســـانی ڕوون کراوەتەوە و خانمانیش دەتوانن سوودی لێوە وەربگرن و ئەو جۆرە سێبەرە لەچاوەکانیان دابنێن.



# نەورۆزی (١٩٣٧) لەکوردستان

نەورۆز ئەو بۆنە پیرۆزەی ساڵانە بەچەندین چالاکی و فیستیڤاڵی گەورە یادی دەکرێتەوە و دەبێتە چەند ڕۆژێکی خۆش و خرۆش بۆ گشت خەڵکی کوردستان، بێگومان لەسەردەمی پێشوودا تاوەکو ئەمڕۆش یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە جیاوازی هەبووە، کە لەکۆندا لەسەر چیاکانی کوردستان ئاگر دەکرایەوە و وەك هێمایەك بۆ ئەو ڕۆژە، وێنەیەکی دێرین گیراوە لەڕۆژی یەکەمی نەورۆز واتە (١)ی ئازاری ساڵی (١٩٣٧) لەشاری هەولێر یادی ئەو ڕۆژە کراوەتەوە، ئەویش بەسووتاندنی (٧) تایەی ئوتۆمبێل، ئەمەش لەلایەن دوو گەنجی شاری هەولێر و لەگەڵ بوونی کۆمەڵە منداڵێك لەیادکردنەوەی ئەو ڕۆژە، شوێنی ئاگرەکە نزیك گەڕەکی خانەقایە و کە وەك یادکردنەوەیەك لەناوەڕاستی شەقامدا یادی ئەو ڕۆژەیان کردۆتەوە، ئەمساڵیش وەك بۆنەیەکی تایبەت چەندین فیستیڤاڵ لەگشت شارەکانی کوردستان بۆ یادی نەورۆز بەڕێوە چوو.



# وێنەیەکی دێرینی یانەی هەولێر

وێنە کۆنەکان یادگاری و بیرەوەرییەکی گەورە تۆمار دەکەن لەڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆ، تەنانەت ساتێکە لەڕابردوو ئەمڕۆش دەبێتە یادگارییەکی دێرین، تیپی یانەی هەولێر کە ساڵانێکە دامەزراوە و سەرەتای دامەزراندنی ئەو یانەیە بۆ ساڵی ١٩٦٨ دەگەڕێتەوە کە بەسەرپەرستی یاریزانان و وەرزشخوازانی شاری هەولێر، سەرەتا بەبیرۆکەیەك دەستی پێکرد و دواتر کاری لەسەر کرا و بەماوەیەکی کەم بووە یەکێك لەیانە بەهێزەکانی عێراق تا بەشداری بکات لەخولەکانی عێراق، وێنەیەکی ئەو یانەیە لەساڵی (١٩٧٤) گیراوە واتە لەدوای (٦) ساڵ پاش دامەزراندنی ئەو یانەیە، کە لەو ساڵە یانەی هەولێر چەندین نازناوی بەدەست هێنابوو، وێنەکە لەم یاریزانانە پێکهاتووە: لەلای ڕاست لەسەرەوە: ئەسعەد عەلی، خالس قۆجە، خوالێخۆشبوو ڕەشاد سابیر، حەسیب نورالدین، نەجات عەبدولواحید، شێرزاد خەلیل، ڕاهێنەر محەمەد خەلیل. ئەوانەی خوارەوەش کە دانیشتوون: غازی حسێن، شەهاب ئەحمەد، ئازاد عبدولڕەحمان، نەریمان محەمەد، خوالێخۆشبوو ئیسماعیل کەمال.



# تاخچکە لەژیانی کوردا

**ئا/وێنە: ژیان دزەیی**

کورەدەوای خۆمان چەندین بەرهەم و شتی جوانیان دروست کردووە و تا ئێستاش کارەکان جێگەی پەنجەیان دیارە و دیمەنی جوانی خۆیان لەدەست نادەن، یەکێك لەشتە جوانانە دروستکردنی تاخچکە بووە، کە ئەو تاخچکەیە لەماڵ دادەنرا یان دروست دەکرا لەلایەن پیشەکارەکان تاخچکەیان لەدار دروست دەکرد، جامیان واتە شووشەی پەنجەرەیان لێوەی قاییم دەکرد، بەبۆیاغچی گوڵ و تەیرۆکە و وێنەی جوانیان لەسەر شووشەکە نەخش دەکرد، بەو گوڵ و وێنانە دەیانڕازاندەوە و بەشێوەیەکی زۆر جوان ئەو تاخچکەیان لەدیواری نان دێن دەدا و چەندین پێداویستی ماڵەوەیان لەسەر ئەو تاخچکە دادەنا، لەسەردەمی ئێستا بەکەوەنتەری ژووری چێشت ناسراوە، لەسەر تاخچکە زۆر شت دادەنرا وەك: مەنجەڵ و کتری و چایەپەست و هێرەگ و کەوچەك و کەوگیر و چەندین شتی دیکە. بۆیە تاخچکەی گەورە و بچووك هەبوو، ئەوەی گەورەکە جێگەی شتی گەورەی لەسەر دادەرا، تاخچکە هەندێك لەقوڕ دروستیان دەکرد و ڕۆخی تاخچکەیان لەقوڕ بوو و نەخشی جوان وەك شێوەی پاقلاوە دەنەخشاند لەسەری، ئەمەش وەك ئەوەی دیمەنێکی جوانی هەبێ لەماڵ و هەروەها لەو کاتەی شتی لەسەر دادەنرا دەبووە جێگەی جوانی و ڕازاوەی ماڵەکە، زیاتریش تاخچکە بۆ پاك ڕاگرتنی کەرەستەکانی خواردن و خواردنەوە بووە لەوەی نەوەك لەسەر زەوی بکەوێ و یان گیاندار و شتی دیکەی بکەوێتە ناوی.

# قژێک تەمەنی(١٤) ساڵە



ئەوانەی حەز بەقژی درێــژ دەکەن، خۆزگە دەخــوازن کە لەماوەیەکی کورتــدا قژیان درێژ بێ، بەڵام ئــەوەش پێویســتی بەچاوەڕوانییە، هەندێکیــش حەز بەقژی درێژ ناکەن، بەڵام ئەو خانمە لەمنداڵییەوە حــەز بەقژی درێژ دەکات، تا ئێســتا نزیکەی (١٤) ســاڵە قژی نەبڕیوە، ئەمەش وەك تەمەنێکی زۆرە و بۆیە ئێستا بۆتە یەکێك لەخاوەن درێژترین قژ لەجیهاندا، کچێکی وڵاتی چین (نی لینمــی) دوای تێپەڕبوونی چواردەساڵ تاوەکو ئێستاش قژی نەبڕیوە، درێژی قژی ئێستای دەگات بە(٢٥٣) سەنتیمەتر، واتە زیاتــر لەدوو مەتر و نیو، یەکێك لەو گرفتانەی ئەو خانمە تووشــی دەبێتەوە، شووشتنی قژی و یان هەڵگرتنییەتی لەماڵ و دەرەوە.



# گەورەترین دایک و باوک

لەگەڵ ئــەوەی دەڵێن پیــاو و ئافرەت لەتەمەنێکــی دیاریکــراودا دەگــەن بەو حاڵەتەی کە منداڵیان نەبێ، بەڵام ئەوە بۆ گشت کەســانێك نییە و تەنانەت هەندێك حاڵەتی ســەیر هەن، کە پێچەوانەی ئەو بابەتــەن و دەبێتــە یەکێك لەســەیرترین حاڵەتەکانــی منــداڵ بــوون، لەوڵاتی هیندســتان پیاوێــك کە نــاوی (راماج ڕاگاف)ە تەمەنی (٩٤) ســاڵە، لەگەڵ هاوسەرەکەی کە ئەویش (٥٤) ساڵ دەبێ، دوای هاوســەرگیری کردنیان بۆ ماوەی (٢) ساڵ، دەبن بەخاوەنی منداڵێك، نهێنی ئەو پیاوە لەوەدایە کە ڕۆژانە بڕێکی زۆر شــیر دەخواتەوە و ئەمەش وایکردووە کە ببێتە گەورەترین باوك.


# جەستەیەکی ڕەش و سپی منداڵێک!

هەندێك لەنەخۆشیەکان دەبنە جێگەی نیگەرانی و حاڵەتێکی سەیر بۆ گشت خەڵك، کە سیمای دەرەوەی نەخۆشیەکە وا لەمرۆڤ دەکات بیر لە نامۆیی حاڵەتی نەخۆشەکە بکاتەوە و چۆن بتوانێ بچێتە ئەقڵیەوە، کە لەگەڵ ئەوەی شێوەی سەیرە، تەنانەت چارەسەریشی قورسە، منداڵێکی وڵاتی چین ناوی(لیۆ)یە و تەمەنی (٦) ساڵە و جەستەی بەپێستێکی ڕەش داپۆشراوە، تەنانەت ڕێژەی پێستە ڕەشەکە دەگاتە (٪٦٠)، ئەو نەخۆشیە بەناوی (هاپرترتچۆیسیس)ـە، کە لەنێوان یەك ملیار کەس تەنیا یەکێك تووشی ئەو حاڵەتە دەبێ، جەستەی ئەو منداڵە وەك ئەوەی تووکی هەبێ، بەتووکێکی ڕەش دیار دەبێ و دەبێتە حاڵەتێکی سەیر بۆ گشت ئەوانەی سەیری دەکەن.





# ئەنیشتاین لەبارەی (نەفس و عەقڵ) دەڵێ:



- نەفسم دەڵێ برۆ بۆ ئەو شوێنەی دڵت پێی خۆشە.
- عەقڵم دەڵێ مەڕۆ بۆ ئەو شوێنەی داهاتووی لێ دەدۆڕێنی.
- نەفسم دەڵێ کات زۆرە دەتوانی دواتر تۆبە بکەی.
- عەقڵم دەڵێ تۆ نازانی کێ ناڵێ پێش تۆبە کردن نامری.
- نەفسم دەڵێ ئاخر تۆ گەنجی.
- عەقڵم دەڵێ زۆر گەنجی وەک تۆ هەر بە گەنجی مردن.
- نەفسم دەڵێ مردن بۆ هەموو کەسێکە، بەڵام ژیان بۆ ئەوانەیە کە دەژین.
- عەقڵم دەڵێ دەی ئەوانەش کە مردوون ڕۆژێک بووە کە ژیاون.
- نەفسم دەڵێ کە هەر بمری ئیتر بۆ خۆش ڕانابوێری.
- عەقڵم دەڵێ مادام دەمری کارێک بکە لێی پەشیمان نەبی.
- نەفسم دەڵێ لە هیچ پەشیمان نابی ئەگەر بە ئارەزووی خۆت بیکەی.
- عەقڵم دەڵێ بیرت نەچێت پێشتر دەمت تاقی کردووەتەوە و لێی پەشیمان بووی.
- نەفسم دەڵێ بە گوێی من بکە دڵت خۆش دەبێ.
- عەقڵم دەڵێ بۆ خۆشی کاتیی هەوڵ مەدە.
- پاش تەواو بوونی گفتوگۆ، نەفسم وتی بە گوێم دەکەی؟
- منیش وتم با پرسێک بە عەقڵم بکەم!

## یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی ڕووبارێکت لەکوردستان بۆ دەربچێ.**

و ا ب و خ ر

**وەڵامی ژمارەی پێشوو:** ( جوندیان)

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




ڕاستییەك بێ ئومێد و بێ ورەت دەكات، بەڵام ڕۆژانی داهاتوو لەگەڵی ڕادێیت و خۆشحاڵ دەبیت، بۆیە بەزیرەکی و پشوو فراوانی هەڵسوکەوت بکە با دوایی پەشیمان نەبیتەوە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



ئەم ماوەیە بەهۆی سەرکەوتنەکانت خەریکە لەخۆبایی دەبیت و ئەو کەسانە لەبیر دەکەیت کە هاوکارییان کردوویت لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنەکانت، کەمێك ویژدانت ئاسوودە بکەو هاوڕێکانت لەبیر مەکە.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



ئەمڕۆ گوێبیستی هەواڵێکی هەڵبەستراو دەبیت و کاریگەرییەکی خراپ لەسەر باری دەروونیت جێدەهێڵێت، هەروەها پێویستە خۆت بپارێزی لە دەمەقاڵێ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



مەزاجت باشتر دەبێت و لەوانەیە دیدارێکی گرنگ ساز بدەیت، یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەیت دەربارەی جێگیریی و بەهاوسەربوون، یاخود پێوەندییەکی نهێنیت بۆ دەوروبەر ئاشکرا دەکەیت.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



هەست بە چوست و چالاکی دەکەیت، بەڵام نەکەی بێ بیرکردنەوەیەکی باش هیچ کارێکی گرنگ ئەنجام بدەیت، ئارام و هێمنبە، چونکە لەوانەیە ڕووبەڕووی کەسێکی خراپ ببیتەوە.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



لەبواری سۆزدارییەوە ئەوەندە کاتت بەفیڕۆ مەدە، چونکە کات لەبەرژەوەندی تۆدا نییە، بۆیە هەوڵبدە بەبێ پێچ و پەنا هەستی خۆت بۆ کەسی بەرامبەر دەرببڕیت کە دەمێکە دڵی لێ سەندووی.

## بۆ زاخاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بازیان) بوو**



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

□ □ □ □ □

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بەمانای (خواردنەوەیەکی کوردەوارییە لەمەشکە ئامادە دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بەمانای (خەڵاتێکی سینەماییە لەفەڕەنسا پێشکەش دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆبکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی تاك)
- پیتی خانەکانی (٥+٢)کۆ بکەیتەوە بەمانای (ژمارەیەکە ٨١ دابەشی ئەو ژمارە بکەی خۆی دەردەچێتەوە)

## وێنە و بیرکردنەوە



لــەم وێنەیەدا هەوڵبدە ژمارەی ئەو پشـــیلانەوە بژمێـــرە کە لە دەســـتی ئــەو کەسەن !

## دیـوانـە شـیعر



مەحوی شاعیر دەڵێ:

به پیر ئەو ماهەوە چووم و بەسەر چووم
پەری بوو، ئەو نەبوو، شەو بوو، بەسەرچووم
تەڵێ نێرگسم و باغی حیرەتم پێ
بە فەرٍ هات و وەکو گوڵ زوو بەسەر چووم
گلەی پێشم لەسەر سەر هەم بووە بار
کە دی من دولبەرم هات و بە سەر چووم
دەزانم بادیەی عیشقە خەتەرناك
کەچی هەر چووم، ئەگەر مام و ئەگەر چووم
لە حینی نەزعی ڕۆحا، ڕۆحی عاشق
وتی: ئۆخەی لە میحنەت خانە دەرچووم
بە ئۆغر کردنی من بوومە قەقنەس
کە ئەو چوو بۆ سەفەر، من بۆ سەقەر چووم
وتی: قەت وا مەیە، من واوە هەر دێم
نەهات ئەو وا قەت و من واوە هەر چووم
شوکر موورم بووە پاماڵی میرێ
بە بێ نامی ژیام و نامەوەر چووم
غەمی قاتیلمە ((مەحوی))! مونفەعیل ما
لە حەشرا کفنی خوێناوی بەبەر چووم

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش



بـــۆ زانینـــی ئاســـتی مێشك لەمـــاوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.

## پەندی ناوداران



- ولیام کوبت بۆ شکست و پشتیوانی دەڵێ:

گەورەترین هۆکاری شکســـتی مرۆڤ لەدەستدانی پشتیوانییە نەک لەدەستدانی لێهاتوویی..



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بەهـــۆی ســـەرکەوتنە بەردەوامەکانت لە کارەکەتـــدا ڕووبەڕووی چەنـــد ناحەزێك دەبیتەوە کـــە چاویان بە ســـەرکەوتنەکانت هەڵنایـــەت، واباشـــترە بێ دەنگـــی هەڵبژێری، چونکە بەپرسەکانت لەڕاستی تۆ تێدەگەن.

### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەبواری ســـۆزدارییەوە هەوڵبـــدە ئەوەندە هەستی دۆســـتەکەت بریندار نەکەی، ئەگینا بەیەکجاری لێت دەتۆرێت و لەدەستت دەچێت، لەبواری کاریشدا پێویســـتە زیاتر خۆت هیلاك بکەیت تاوەکو بەپرسەکانت گلەییت لێ نەکەن.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

زۆر بە پەرۆشـــەوە کاردەکەیت و لەهەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنـــەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیـــە پارەیەکی چاك بەدەســـت بهێنیت بەهۆی ئەو کارانەی کە دەیکەیت، ئەنجامی باشیشی دەبێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پرۆژەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەنرخ چاوەڕێی ئامادەکـــردن و جێبەجێکردنە، هەوڵبـــدە بارودۆخێکـــی گونجاوی بۆ بڕەخســـێنیت، تاوەکو بتوانیت سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هیچ بەڵێنێك مەدە کە گومانت هەبێت لە جێبەجێکردنی بەهۆی بارودۆخی ناجێگیر و نالەبـــار و ئەو گۆڕانکارییانەی لەم ماوەیەدا ڕوودەدەن و ڕووبەڕووی کێشەت دەکەنەوە، بۆیە هەوڵبدە لەگەڵ واقیع مامەڵە بکە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەم ماوەیە بە کێشەیەك سەر قاڵ دەبیت کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی زۆر لە هاوڕێ و خۆشەویستەکانت لەبیر بکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هاوڕێ دڵسۆزەکانت پاڵپشتیت دەکەن و لەخەمەکانت سووك دەکەن.

## نوکتە

- دوو هاوڕێ یەکێکیان دەڵێ کچێك کەوتۆتە دڵم و چۆن قســـەی لەگەڵ بکـــەم، ئەوەی دیکەش دەڵێ: بەسیاسیانە قسەی لەگەڵ بکە، مەبەستی بەجوانی و ڕێکی و قسەی گەورەوە. ئـــەوەی یەکەم دەچێتـــە لای کچەکە و پێی دەڵێ: داهاتووی سیاسی کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات و دەزانـــی نـــوری مالیکی متمانەی لێدەسەنرێتەوە!

